

### بەڕێوەبەری رەگەزنامەی هەولێر:

# هاووڵاتیان گلەییان هەیە و بەغداش هاریکاریمان ناکات

فەرمانگەی رەگەزنامەی هەولێر یەکێکە لە فەرمانگە حکومییە چالاکەکانی حکومەتی هەرێم کە رۆژانە بە سەدان مامەڵەی هاووڵاتییان رایی دەکات، هەرچەندە بە یەکێك لە فەرمانگە سەرکەوتووەکان دادەنرێت لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق ، بەڵام هاووڵاتیان گلەیی و گازاندیان لە شێوەی کار کردنی هەیە، بۆ ئەم مەبەستە عەمید ماهفەروەر (موئەیەد نوری مستەفا) بەڕێوەبەری رەگەزنامە و باری شارستانی هەولێرمان بەسەرکردەوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کار و کێشە و گرفت و گلەیی هاووڵاتیان بین.

**رۆژانە زیاتر لە ١٨٠٠ هاووڵاتی سەردانمان دەکەن**

سەرەتا عەمید موئەیەد نوری مستەفا دەربارەی چۆنییەتی رایی کردنی مامەڵەی هاوڵاتییان وتی: ئێمە بەشێوەیەکی رۆژانە نزیکەی ٩٠٠ مامەڵەی هاووڵاتییان رایی دەکەین بە نوێکردنەوە و دەرهێنانی رەگەزنامەی نوێوە، واتە رۆژانە زیاتر لە ١٨٠٠ کەس سەردانمان دەکەن، چونکە ٩٠٠ کەس بۆ مامەڵەکانیان دێن و ٩٠٠ کەسیش دێن بۆ وەرگرتنەوەی مامەڵەکانیان ئەم ژمارە زۆرەی هاووڵاتییانیش قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەر فەرمانگەکەمان دروست دەکات، ئەمە جگە لەوەی بە دەگمەن هاووڵاتی بە تەنیا دێت بۆ فەرمانگەکان ئەگەر منداڵیان لەگەڵدا نەبێت ئەوا بێگومان کەسێکی تری هەر لەگەڵدایە، تەنیا لە مانگی تەمموز زیاتر لە ١٥٥٠٠ رەگەزنامە و ٥٤٠٠٠ ناسنامەمان دەرهێناوە، لەمانە هەندێکیان مامەڵەی کوردی پارچەکانی تری کوردستان و خەڵکی بیانی بوون، بەڵام ئەم جۆرە مامەڵانە وەستاوە لەبەر ئەوەی پێویستی بە رەزامەندی وەزیری ناوخۆی عێراقە و تا ئێستاش وەزیری ناوخۆی عێراق دەستنیشان نەکراوە بۆیە وەستاوە.



## ئەو شێوازەی ئێستا پەیڕەوی دەكەین باوی نەماوە

دەربارەی گلەیی و گازاندەی هاووڵاتییان، بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی هەولێر وتی: هەندێك جار گلەیی خەڵك لە جێی خۆی نییە، چونكە سەرەڕای ئەوەی هەوڵمانداوە ڕۆتین كەم بكەینەوە، بەڵام هەندێك شت هەیە دەبێ بەو ئەڵقەیەدا بڕوات كە بۆی دانراوە، ئەمەیان ڕۆتین نییە و شتێكی ئاساییە، زۆر جار هاووڵاتیان گلەیی ئەوە دەكەن كە تەنیا بۆ یەك ئیمزا چەند كاتژمێرێك ڕادەگیرێن، بەڵام هەر مامەڵەیەك پێویستی بە ورد بوونەوە و دڵنیابوون لە زانیارییەكانهەیە كە لە ئیزبارەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر شێوازی كۆمپیوتەری پەیڕەو بكرێت ئەوا كاری ئێمەش ئاسانتر دەبێت، بۆیە هاووڵاتیش مافی خۆیەتی گلەیی بكات، چونكە سەردەمی ئەوە نەماوە و بە سەرچووە هاووڵاتی لە بەردەم پەنجەرە بوەستێت تا كارەكەی بۆ ڕایی بكرێت، بەڕای من ئەو شێوازەی ڕایی كردنی مامەڵەی هاووڵاتیان باوی نەماوە و بەسەرچووە، بەڵام ئەو شێوازەی ئێستا ئێمە پەیڕەوی دەكەین لە سەرتاسەری عێراق باوە، لەلایەكی دیكەوە فەرمانگەكەمان زۆر بچووكە و لە ساڵی ١٩٧٦ دروستكراوە، هەر چەندە بڕیار وایە بەپێی ماستەر پلان فەرمانگەكەمان بگوازرێتەوە بۆ بەرامبەر پاركی سامی عەبدولڕەحمان لەوێ باڵاخانەیەكی نوێ بۆ فەرمانگەی ڕەگەزنامە كە لەسەر شێوازێكی سەردەمیانەیە بەجۆرێك لەگەڵ پێداویستییەكانی ئێستای هاووڵاتیان بگونجێت.

## كارتی زانیاری و سولفەی هاوسەرگیری كاری ئێمەی زیاتر كردووە

ماوەیەك هاووڵاتیان سەرقاڵی دروستكردنی كارتی زانیارین، دەربارەی كاریگەری كارتی زانیاری لەسەر كارەكانی فەرمانگەی ڕەگەزنامە، عەمید موئەیەد دەڵێ: كارەكانی ئێمە زیاتر لە شەپۆڵ دەچێت ماوەیەك وەك حاجییەكان، عومرە، دەرهێنانی كارتی زانیاری، بەتایبەتی كارتی زانیاری كە ئێستا هاووڵاتیان سەرقاڵین ئەمەش بووەتە هۆكاری ئەوەی هاووڵاتیان زیاتر سەردانمان بكەن، چونكە هەندێكیان ڕەگەزنامەیان نییە و هەندێكی دیكەیان ڕەگەزنامەكانیان كۆن بووە و پێویستە نوێی بكەنەوە، هەروەها لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم كە لەو كاتەوەی سولفەی هاوسەرگیری بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەكرێت كاری ئێمەی زیاتر كردووە، ئەوەی جێگای دڵخۆشییە لە دوای پێدانی سولفەی هاوسەرگیری ڕێژەی پێكهێنانی ژیانی هاوسەرگیری زۆر زیادی كردووە لە بەرامبەردا ڕێژەی تەڵاقدان زۆر زۆر كەم بۆتەوە، هەروەها كاری قەزا و ناحیەكانیش دەبێ بگەڕێتەوە بۆ لای ئێمە ئەمەش دیسان كارێكی زیاترە بۆ ئێمە.

## بەغدا هاریكاریمان ناكات

سەبارەت بە پێوەندی و هاریكارییان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی گشتی لە بەغدا، بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی هەولێر وتی: نیوەی كارەكانمان سەربەخۆیە و نیوەی دیكەش سەر بە بەغدایە بەتایبەتی دەرهێنانی ڕەگەزنامە بۆ هاووڵاتیانی بیانی و گۆڕینی فەرمانگەی باری شارستانی كاتێك هاووڵاتییەك شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی بگوازێتەوە، جاران فەرمانگەی هەر شوێنێك دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو فەرمانگەكە بگوازێتەوە، بەڵام ئێستا ئەوە دەسەڵاتە تەنیا بۆ وەزیری ناوخۆیە و زیاد لە پێویست هەرچەندە ئێمە لە كوردستان ئەو شێوازە پەیڕەو ناكەین و ئەو دەسەڵاتە بۆ فەرمانگەكە ماوەتەوە، هەروەها ئەگەر هاووڵاتییەكی باشوور و ناوەڕاستی عێراقیش بێتە هەرێم پێویستی بە ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ ناكات، بەڵام دەبێ ئیستیمارەی خۆی لە فەرمانگەی ئەو پارێزگایە بهێنێت كە لێی هاتووە، بەشێوەیەكی گشتی پێوەندیمان لەگەڵ بەغدا وەكو پێویست نییە و هەماهەنگیمان زۆر باش نییە، چونكە لە بەغدا هاریكاریمان ناكەن و بیانووی جیاجیا دەدۆزنەوە بەجۆرێك ئێستاش وەك سەردەمی ڕژێم سەیری كوردستان دەكەن و بۆچوونیان نەگۆڕاوە، بۆ نموونە ئەو ناسنامە و ڕەگەزنامەیەی ئێمە لێرە كاری پێدەكەین فسفۆر نییە و هێشتا سیستەمی كۆنە كە پێی دەڵێن سیستەمی پول و لە دەرەوەی هەرێم كاری پێناكرێت.

